# براله، ئا ئەمەیە وڵاتی دیکتاتۆرێکی بێ وڵات!!

<< ڕەشنووسی زنجیرە پەخشانێکە >>

حە مەی ئەحمەد ڕەسووڵ



ئا ئەمەیە نیشتمانی دیکتاتۆرێکی بێ نیشتمان !
تۆ بڕوانە: خاکی دوێنێی زەردو سوور، واڵا بە گوڵە جۆری وشەوبۆ و نەسرین و ڕەیحانە. . ئەوڕۆکە بۆتە سووتماک و بێروون و سەحرای کاکی بە کاکیی وێرانە. . !!!!!! لەجیاتی چرۆ و گوڵ، درک و داڵ و دەوەن ڕازاندوویانەتەوە نەخشی سەر فەرش و قاڵیی ئاخی (*) بۆر و ڕەقەڵە وهەڵقڵێشاو و تینووی وڵات. . . !!
ئا ئەمەیە نیشتمانی دیکتاتۆرێکی بێ ئابروو !!! تۆ بڕوانە لای ڕووبار و چەم و کانی و گۆم و دەریاچە و تاڤگە و ئەهوار و ئاوی دوێنێی شیرین و ڕوون و چاو بێگەرد و پاکژی وەک چاوی قرژاڵی دەم کوێستانی باکوور و باشووری کوردستان. . کوانێ چیان بەسەرهات !؟
کوانێ خووڕە و هاژە و قەڵبەزە و شەپۆل و کەفو کووڵی ئاوی لە زەمزەم و لە هەنگوین بەتامتری وڵاتی مێزوپۆتامیا و دوو ڕووبار و ئاوی شیرین !؟؟ئاوی ئەوڕۆکە تاڵە. . تاڵ !! ئاوێکی تینووە بە ئاو !!!
ئا ئەمەیە نیشتمانی دیکتاتۆرێکی بێ ئاکار ! تۆ بڕوانە لای ئاسمانی شین و ساماڵی هاوینە، یا هەوری سپی و چەرمووی زستانەی، هەوری تەڕی چاو بە فرمێسکی بەهارانی کە لێوان لێو لێدەڕژا نەسیمی گوڵ و گیایێ کە تێکەڵ بە بۆنی نێرگزەجاڕ و دیمەنی دەشتی سەوزی کوێستانە پڕ لە گوڵاڵەکانی کێو و هەرد و چیا و دەشتی نێوان کوێستان و گەرمیانی وڵاتێکی پێش قدوومی ڕەشی دیکتاتۆر بوو ! ئەوڕۆکە ئاسمان، ئاسمانێکی سووڕە و ڕووت و قووت بۆتەوە لە پەڵە هەورێ. . ئەڵێی هەورو هەڵاویش لەم وڵاتە تۆراون !؟ کوانێ هەوری پرچی ئاسمان !؟ ئەتکی ئاسمانیشیان بریوە !؟ هەور تاجی سەر سەری ئاسمانە ! ئای لە وڵات ! ئاسمانەکەت سەر ڕووتاوە و کەچەڵە ! هێی وڵات ! هێی ئاسمان ! بۆ یەکەمجارە ئاسمانی کەچەڵیش ببینم !! بۆ یەکەمجارە وڵاتێ ببینم سەری ڕووتاوە بێ !کوا ڕەوە فلچەی دەستی ئاسمان لە نەخشاندنی پەڵە هەورەکانی !!
ئەی تۆ ئەی خۆر. . ! تۆ دڵی جوان و دڵی گەورە و بەبەزەیی ئاسمانیت !بێ تۆ ئاسمانیش سەرگەردان و وێڵ و بێ دەرەتانە !! بێ تۆ وڵات ماڵوێرانە !! خۆری دوێنێی نیشتمان : خۆری ڕووناکی و لە خەو هەڵسان و، خۆری تێکۆشان و خۆری چاو پشکووتن و چەکەرەکردن و لەدایکبوون و خێر و بەرەکەت بوو، کەچی براله خۆر و هەتاویش لەبەدبەختی من و تۆدا ئەوڕۆکە : تەنوورە تەنوور !! لە پیاوکوژێ ئەچێ سوور بێ لەسەرڕوەی سووتێنەربێ و لەتیشکی لێزەر و ئێکس و گاما خراپتربێ. . تەنوورێکە و ژیان ئەبرژێنێ، زەوی ئەسووتێنێ و خاکیش قرچەیدێ، تۆ بڕوانە خاکی دوێنێی سەوزو گوڵزار و هەمیشە بەهار چۆن ئەمڕۆکە بۆتە ڕەقەڵان و زەرد ئەچێتەوە. . ڕۆڵەی کوێستانی لەجیاتی گوڵ و چرۆ بداتە دەستی دەستگیرانەکەی، چەپکێ دڕک و داڵی بەدەستەوەیە و لە تابلۆکانی دالی جوانتر ڕازاوەتەوە. . ئەوان لە مەنجەڵی کوێستانا ئەکوڵێن و هەر کە بەهار تۆزێ درەنگی بەسەرهات و هاکا ویستی قاچێ بخاتە مانگی گەلاوێژەوە ئیدی

www.kurdistannet.org

**نەمام و درەختی نێو شار نەوت و بەنزین بەخۆدا ئەکەن و پلانی خۆ سووتاندن دائەنێن و هۆرە و گۆرانی بۆ دۆزەخ ئەچڕن !! کوێستان بۆتە گەرمیان و گەرمیان بۆتە جەهەننەم و بیابان و سەحرای وەتەنی برایانی چاوڕەشی باشووریش : مەنجەنیقێکە و بیستوچوار کاژێرەی شەووڕۆژ ئارەقەی بەختەوەریان لێئەتکێ، لە جیاتی ساراو هەڵم وهەلاوی دەم سەحرا ئەمان لە سەمایەکی بێپایاندان و هەردەم و بێهەداداان هەڵئەپەڕێن و لە خۆشییەکی بێ بڕانەوەی ئەزەلیدان، بۆ بەدبەختیش ؛ ئەوان لە ڕۆڵەکانی گەرمیان و کوێستان ژێتر خودانی شانسن و لەنێو تەپوتۆزی بیابان و هەوای سیانید و ئەتۆمی زەرد و گاز و نەوتی ڕەشدا گینگڵ ئەدەن. ئەوان ؛ چاو ڕەشەکانی باشوور / هەوای فێنکی ئاهو نزوولەی سیخناخ خواردووی نێو سینەی ڕەق و تەقی دایکە هەمیشە ڕەشپۆشەکان و باوکە ڕیش سپییەکان، بێهۆش و سەرمەستی کردوون. ئەڵێی دەروێشن و هەردەم لە زیکردان. . . . !!**

**ماوێتی**

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**

www.kurdistannet.org کوردستان نێت